IKUF
Iransk Kurdiska
Ungdomsförbundet
i Sverige.

لاوان
کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتیی
یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران
کۆمیتەی سوئێد.

Democratic Youth Union of Iranian Kurdistan

# بەشداری چالاکانەی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی

# کوردستانی ئیران_ سوئێد لە ڤیستیڤاڵی ساڵانەی لاوانی چەپی یۆنان ك.ن .یٚ

**کورتە پێناسەیەکی ڤیستیڤالەکە:**

مێژوی ڤیستیڤاڵی ساڵانەی لاوانی چەپی یۆنان دەگەڕێتەوە بۆ حەفتاکانی سەدەی ڕا بردوو. ئەم ساڵ یادی سیهەمین ساڵڕۆژی ڤیستیڤاڵەکە بوو.هەمو ساڵێ لە ڕۆژانی (19,18,17,16)ی مانگی سێپتامبێر لە شاری ئاتێن پایتەختی وڵاتی یۆنان بە ڕێوە دە چێ. بۆ ئەم مەبەستە ڕێکخراوەکانی چەپ و ئازادی خواز لە سەر تا سەری جیهان بانگهێشتن دەکرێن بۆ بەشدا ری کردن و چالاکی نوا ندن. لە ماوەی چوا ر ڕۆژ کاری ڤیستیڤاڵەکەدا سەدا ن هەزا ر کەس سەردا نی ڤێستیڤاڵەکە دەکەن و لە وێدا کەلتورو بیرورٍا جیاوازەکان بە یەك دەگەن.

دروشمی سەرەکی ڤیستیڤاڵی ئەم سا ڵ بریتی بوو لە : (پێکەوە هاوکاری کردن و پشتگیری کردنی گەلان).

**بەرنامەکانی ڤیستیڤاڵ:**

هەموو ڕۆژێ لە کاتژمێر6ی ئێوا رە تا کاتژمێر2ی نیوەشەو کاری ڤیستیڤاڵەکە بەردەوام دە بوو.

پێکهاتەو چۆنیەتی دا بەشکردنی شوێنەکان و بەرنامەکان بەم شێوەیە بوو:

1.جێگەی تایبەت بۆ ڕێکخراوە میوا نەکان, کە لەوێدا ڕێکخرا وەکان ستاندی تایبەتیان دا نابوو,خەڵك سەر دا نیان دەکردن.

2.جیٚگەیەکی تایبەت بۆ نیشاندا نی کتێب,لە وێدا بە هەزا را ن کتێب , ڕۆژنامە و گۆڤار بە زمانە جۆرا و جۆرەکان دا ندرا بوون .

3.جێگەی تایبەت بۆ سیمینارو کۆڕ و کۆبونەوە , کە لەوێدا کێشەو باسە چارەنووس سازەکان لە جیهانی ئەمڕۆدا وەك بە جیهانی بوون و سیاسەتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕا ستدا قسەیان لە سەر دەکرا و بیرورٍا ئاڵوگۆڕ دەکرا.

4.جێگەی تایبەت بۆ نیشاندا نی کاری هونەری, کە لەوێدا دەیان تابلۆ و کاری دەستی دا ندرا بون.

5.جێگەی تایبەت بۆ کۆنسێرت , ساڵانە گۆرا نی بێژە بە ناو بانگەکانی یۆنان لەم ڤیستیڤالەدا بەشدا ری دەکەن و گۆرا نی دەڵێن و خەڵکانێکی زۆر بۆ گوێ گرتن و بینینیان دێن.

6.چەندین جێگەی دیکە بۆ نمونە شوێنی تایبەت بۆ یاری شەترەنج و یاریگا بۆ مندا ڵان ...هتد.

**بیرۆکەی بەشدار بوونی یەکێتی لاوا نی دێموکرا تی کوردستانی ئێرا ن لەم ڤیستیڤاڵەدا :**

یەکێتی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێرا ن ـ یونان چەند ساڵێکە لەم ڤیستیڤاڵەدا بەشدا ری دەکا و دۆستایەتیەکی نزیکی لە گەڵ لاوا نی چەپی یونان دا هەیە, وەك پێشتر ئاماژەمان پیٚ کرد کە ئەمسا ڵ سیهەمین ساڵڕۆژی ڤیستیڤاڵەکە بوو.

دوا ی پەیوەندی گرتن و بیر و ڕا گۆڕینەوە وا بە باش زا ندرا کە ی.ل.د.ك.ئیٚ بە شێوەیەکی بەرینتر بەشدا ری لەم ڤیستیڤالەدا بکا. کۆمیتەی سوئێد، کە هەمیشە ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە لە پێکهێنانی چالاکیەکان چ لە ناوەخۆی سوئێد و چ لە وەڵاتانی دیکەی ئەوروپا دا. کۆمیتەی سوئێد دوای پەیوەندی گرتنەوە لەگەڵ کۆمیتەی یونان بەرنامەی بەشداریکردن داڕێژرا. دواتر کۆمیتەی نۆروێژیش بانگهێشت کرا .

شێوەو چۆنیەتی بەشدا ر بوونی یەکێتی لاوا نی دێموکرا تی کوردستانی ئێرا ن:

یەکێتی لاوا نی دێموکرا تی کوردستانی ئێرا ن وەك هەموو ڕێکخرا وە میوا نەکان کە جێگای تایبەتیان بۆ دیاری کرا بوو ستاندێکیان دا نابوو. ستاندی لاوا ن بە ئاڵای کوردستان و وێنەی ڕێبەری هەمیشە زیندووی گەلەکەمان د. عەبدولرەحمان قاسملو را زێندرا بوەوە، هەروەها زۆر کەلوپەلی کەلتوری و فۆلکلۆری و کوردەوا ری وەك سەماوەر و فەرش ..... دا ندرا بوون ، کە سەرنجی بەشدا ربوا نیان ڕا دەکێشا.گەلێك کتێب و گۆڤار و بڵاوکرا وە بە زمانەکانی کوردی،یۆنانی و ئینگلیزی دا ندرا بوون.

کور و کچانی لاوبە جلو بەرگی کوردیەوە پێشوا زیان لە بەشدا ر بوا ن دەکرد، ك بە ڕا ستی دیمەنێکی جوا ن و دڵگیریان پێك هێنابو. هەروەها چەندین جۆر هەڵپەرکێی کوردی لە لایەن کچان و کوڕا نی لاو پێشکەش کرا ن ك جێگای خۆشحالی و ڕەزامەندی بەشدا ربوا نی ڤیستیڤالەکە بوون.

لە ماوەی ڕۆژا نی کاری ڤیستیڤاڵەکەدا خەڵکانێکی زۆر سەردا نی ستاندی لاوانیان کرد و بە وردی سەرنجی کەلوپە ل و جلوبەرگە کوردیەکانیان دەدا و وێنەیان لێ هڵدەگرت.

**باسەکانی ڤیستیڤاڵ:**

خەڵکانێکی زۆر کە ڕویان دەکردە ستاندی لاوا ن ڕا دەوەستان و دەربارەی مێژوو، جوغرا فیا، زمان و کێشەی کورد پرسیاریان دەکرد.

جێگەی خۆیەتی کە بەشێك لەم پرسیارو وەڵامانە لێرەدا باس بکرێن. زۆر بوون ئەوا نەی کە دەیان پرسی ئایا کوردەکان کە بە سەر چوا ر وڵات دا دا بەش کرا ون هەر یەك نەتەوەن و یەك مێژویان هەیە؟ بەشێکی دیکە لە سەر ئایین و بیروباوە ڕی کورد، دەربارەی جیاوا زی خەباتی ئێمەی کورد و بزوتنە وە ئیسلامیەکان پرسیاریان دەکرد . ڕونکردنەوەو وڵامی لاوان بە کورتی بەم شێوەیە بوو:

ڕا ستییەکی تاڵە کە ئێمە بە سەر چوا ر وڵات دا دا بەش کرا وین بەڵام ئێمە کوردەکان یەك نەتەوەین و هیچ جیاوازیەکی مێژووی و جوغرا فیمان نیە ، ئەوە دوژمنانی کورد و مرۆڤایەتین کە جیاوا زی دەخەنە نێوا نمان . زۆرینەی کوردەکان موسڵمانن ، بەڵام کەمایەتی ئایینی د یکەش وەك مەسیحی ، یەزیدی ، جولەکە و زەردەشتی لە نێو کوردا ن هەن . جیا لەوەش بزوتنەوەی ئێمەی کورد بزوتنەوەیەکی نەتەوا یەتییە نەك بزوتنەویکی ئایینی .ئێمەڕێزمان بۆ هەموو ئایین و بیرورا یەك هەیە ن بەڵام هیچ کاتێك لە گەڵ گروپ و لایەنە توند ڕەوەکاندا نین .

**گرینگی یەکێتی لاوا نی دێموکرا تی کوردستانی ئێرا ن لەم ڤیستیڤاڵەدا :**

یەکێتی لاوا نی دێموکرا تی کوردستانی ئێرا ن تاقە ڕێکخرا وی کوردی بو کە لە چەند وڵاتەوە بەشدا ری لەم ڤیستیڤاڵ ا کرد . لە لایەن بەشی پەیوەندیەکانەوە لە گەڵ ڕێکخراو و مێوا نەکانی لاوان لە سەر کێشەی لاوا نی کورد گفتوگۆ کرا و لە بارەی کاری ڕێکخرا ویەوە بیرو ڕا گۆڕدرا یەوە.

هەروها بەشد ا ربوونی کۆمیتکانی وڵاتانی سوێد ، یونان و نۆروێژ لە چالاکییەکی سەرکەوتووی ئاوا دا یەکگرتووی و بە هێزی ریزەکانی یەکێتی لاوا نی دێموکرا تی کوردستانی ئێرا ن نیشان دە دا .

**کۆتایی ڤیستیڤاڵەکە:**

لە کۆتایی ڤیستیڤاڵەکەدا لاوانی بەشد ا ر لە کۆمیتەکانی سوێد ، یونان و نۆروێژ کۆبونەوەیەکیان پێك هێنا لە سەر چۆنێتی بەرێوە چوونی کارەکان .

ئاستی بەشد ا ری و چلاکی لاوا ن لە هەموو بوا رێکەوە بەرز نرخێندرا .

لاوا ن هیوا یان خوا ست کە لە دا هاتوو دا کار و چالاکی لەم جۆرە زیاتر بێت و بەردەوا م بێت .

**کۆمیتە بەشدارەکان**

سوئێد : موکریان نستانی , موژدە عەزیزی ، لوقمان ئەحمەدی ، ئەستێرە ئێرا ندوست ، نیشتمان عەزیزی ، نیشتمان ئێرا ندوست.

یونان : ئازاد عەزیزی ، ئارا م مێهر پەروە ر ، ئاکۆ سە یاد

نۆروێژ: بەیان وەلیزادە ، زنوێر لاجانی

ئۆروپا : کامەرا ن قازی

یەکێتی لاوا نی دێموکرا تی کوردستانی ئێرا ن - سوئێد